مام جەلال

# ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا

## وتاری یادی دوانزەمین ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ك ( ١٩٨٧ )

فەرید ئەسەسەرد
پێشەكیی بۆ نووسیوە

ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
سلێمانی ٢٠١١

ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا
مام جەلال
بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
(١٨٣٢) ساڵی ٢٠١١
لەدەزگاری چاپو پەخشی حەمدی چاپكراوە
نەخشەسازی و بەرگ: هەرێم جەزا
تیراژ: (٢٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٤٠٣)

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**ژمارەی زنجیرەی ئەرشیفی: ٤**

## پێشەكی

ئەم وتارە وتاری سكرتێری گشتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بەڕێز جەلال تاڵەبانییە بەبۆنەی یادی دوانزەهەمی دامەزراندنی ی.ن.ك كە ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لەئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان بەدەنگی خۆی پەخش كرا. چەند ڕۆژێك پێش یادەكە، وتارەكە لەگوندی یاخسەمەر كە بارەگای بەڕێز سكرتێری گشتیی لێ بوو، تۆمار كراو دواتر لەڕۆژی یادەكەدا لەئێزگە، لەبەرگەڵوو، پەخش كرا.

دواتر، وتارەكە بەشێوەی نامیلكەیەكی ٤٨ لاپەڕەیی، بەقەوارەی ١٦,٥×١٠سم لەچاپخانەی شەهید برایم عەزۆ لەبەرگەڵوو چاپ كرا. نامیلكەكە بەتایپی IBM تایپ كراوەو ئەركەكانی كاركردن تێیدا بەم چەشنە دابەش كراون: تایپ كردن: بەختیار محەمەد شەریف، هەڵەبڕی: غالب محەمەد (ڕەوەز)، دیزاین: مەهدی یەدوڵڵا شەفی، وێنەگرتن بەفۆتۆ





ستێنسڵو ڕاكێشان بەڕۆنیۆ: كاروان خالد. نامیلكەكە دەوروبەری پێنج سەد دانەی لێ چاپ كرا.

سەر لەنوێ بڵاوكردنەوەی ئەم نامیلكەیە بەشێكە لەپرۆژەی ئەرشیف كردنی ئەدەبیاتی ی.ن.ك كە ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران لەدوای كۆنگرەی سێ دەستی داوەتێ. ئەم پرۆژەیە لەچوارچێوەی پابەندبوون بەپەیڕەوی ناوخۆی یەكێتی بەڕێوە دەچێ، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە ماددەی ٦٥ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەركی "ڕێكخستنی ئەرشیفو دیكۆمێنتكردنی مێژووی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان"ی بەئەكادیمیای هۆشیاری سپاردووە.

ئەم وتارە كە بەدیكۆمێنتێكی گرنگ دەژمێردرێ، كەرەستەیەك بۆ تاوتوێ كردنی سیاسەتو هەڵوێستەكانی یەكێتی لەنیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لەقۆناغی كۆتایی جەنگی عێراق ـ ئێرانو ڕۆژگاری بەكارهێنانی چەكی كیمیایی لەدژی كوردو بزوتنەوە

رزگاریخوازییەکەی، دەستەبەر دەکات. وتارەکە بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکاتە سەر ئەم خاڵانە:

١. لەچوارچێوەی سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسیندا چارەسەر دەکرێ.

٢. سیاسەتی پشت بەخۆبەستنو پشت بەخەڵك بەستن سیاسەتێکی راستو رەوایەو لێی رادەبینرێ بتوانێ پەراوێزێکی فراوان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری کورد دەستەبەر بکات.

٣. رەخنەگرتن لەبێدەنگیی دەوڵەتە سۆسیالیستەکانو هێزە پێشکەوتنخوازەکان بەرامبەر بەهەوڵەکانی رژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی کوردو بەردەوام بونی لەسەر کاول کردنی کوردستانو راگواستنی گوندەکانو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

٤. جەخت کردن لەسەر پێویستیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیاری کردبوو. ئەوی راستی بێ، لەو کاتەدا دوو تەگەرە لەبەردەم





پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا هەبوو، یەکێکیان پەیوەندیی بەناوخۆوە هەبوو چونکە سەرەڕای ئەوەی کە لایەنە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی کورد بەسەرزارەکی رەزامەندییان لەسەر پێکهێنانی بەرەی کوردستانی نیشاندا بوو بەڵام هێشتا هەندێکیان لەم روەوە دوودڵ بوون، بەتایبەتی کە یەکێ لەخاڵەکانی ناو پرۆژەکە بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە تەرخان کرابوو. هەندێ لەلایەنەکان زۆر لەگەڵ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەدا نەبونو زۆرتر پشتگیرییان لەوە دەکرد کە هەر لایەنێك هێزی پێشمەرگەی خۆی هەبێو هیچ هەنگاوێك بۆ یەکخستنی ئەم هێزە نەنرێ. لەم سۆنگەیەوە، لەم وتارەدا بەڕێز سکرتێری گشتی زۆر پێ لەسەر یەکخستنی هێزی پێشمەرگە داناگرێو زۆرتر جەخت دەکاتە سەر گەوهەری پرۆژەکە کە پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسییەو لەبری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، پێشنیاری "یەکخستنی خەباتو چالاکییەکانی هەموو پێشمەرگەکان" دەکات.

**تەگەرەی دووەم پەیوەندیی بەئۆپۆزسیۆنی عیراقەوە هەبوو کە لایەنەکانی زۆرتر جەختیان دەکردە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی عیراقی نەك کوردستانیو لەم سەرو بەندەدا بەو جۆرە دیانڕوانییە مەسەلەکە کە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی دەشێ ببێ بەمایەی پەکخستنی پرۆژەی پێکهێنانی بەرەیەکی عیراقی. رای یەکێتی ئەوە بوو کە هەلومەرجی پێکهێنانی بەرەیەکی عێراقی لەبار نیەو پێکهێنانی بەرەی کوردستانیش رێ لەپێکهێنانی بەرەی عیراقی ناگرێو کورد، ئەگەر بەرەی خۆیشی پێکهێنا، درێغی لەهەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی عیراقی ناکا.**

**٥. زەمینەسازی بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی راپەرینێکی جەماوەری لەسەرانسەری کوردستانداو فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی رابەرایەتی کردنی ئەو راپەڕینەو دانانی بەرنامەیەکی گەنجاو بۆ کاتی پێویست.**

**لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەدوو خاڵ بکرێ. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم وتارە پەراوێزی لەخوار لاپەڕەکان بۆ کراوە کە**





**لەدەقی ساڵی ١٩٨٧دا نیە. پاساوی ئەم پەراوێزانە ئەوەیە کە ئەم وتارە ٢٤ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەو هەندێ خاڵی تێدا باس کراوە کە پێویستیان بەڕونکردنەوەیە تاکو خوێنەری ئەم سەردەمە بەچاکی تێیان بگات. دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەو ناونیشانەی بۆ چاپی دووەمی وتارەکە دانراوە، لەچاپی یەکەمدا نیەو زۆرتر، وەك پێداویستییەکی رۆژنامەوانی، بەگونجاو زانرا وتارەکە ناونیشانێکی دیاریکراوی هەبێ کە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیداو هەروەها لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێ.**

**فەرید ئەسەسەرد**

**لێپرسراوی ئەکادیمیا**

**٢٠١١/٧/١٥**

## هەڤاڵانی خەباتگێری ی. ن. ك:
## پێشمەرگە نەبەزەکانی هێزی پشتگیری کوردستان..

بەسڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە، پیرۆزبایی لەخۆتانو هەموو دڵسۆزانی کوردایەتیو شۆڕشی رزگاریو دیموکراسی خەڵکی کوردستان دەکەم، بەبۆنەی بیرەوەری ئیعلان کردنی پێکهێنانی ی. ن. ك لە ١/٦ی ساڵی ١٩٧٥دا.

دامەزراندنی ی. ن. ك لەو سەردەمەدا دوای تێکدانو فەوتاندنی شۆڕشی چواردە ساڵەی کوردستان، دوای داگیر کردنی هەموو خاکی کوردستانی خواروو لەلایەن دەوڵەتی بورژوازیی بیروکراتی عیراقەوە، نەك هەر هەڵگەڕانەوە بوو لەداگیرکەرانو بەگژاچوونی فەوتاندنی شۆڕش بوو، نەك هەر وەڵام دانەوەیەکی دەمکوتکەرانەی بەزینو دەنگی ناسازی هەڵاتن بوو لەکۆری شۆڕشو خەباتی سەختی درێژخایەنی پشت بەخۆ بەستوو، نەك هەر بانگەوازی خۆراگرتنو چۆك دانەدانو سوور بوون لەسەر خەباتو فیداکاری بۆ پاراستنی کوردو کوردستان لەئەژدیها هارەکەی عەفلەقی کە دەیویست





کوردەواری هەڵلوشێتو کوردستان تەعریب بکات، نەك هەر هاتنەوەیەکی دلێرانەو قارەمانانە بوو بۆ کۆڕی خەباتو خۆبەخت کردن، (هەر چەندە هەر یەکێکیش لەو کارانە مایەی سەربەرزیو سەروەری هەتا سەر بوون) بەڵکو بەپیرەوە چوونو پێشوازی کردنو بەدیهێنانی ژیرانە وجوامێرانەی پێویستیەکی مێژوویی مەزنو گرنگی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو ریکخستنەوەو جۆشاندنەوەی جوڵانەوەی رزگاریو دیموکراتی خەڵکی کوردستان (کوردایەتی)و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیش بوو، ئەو شۆڕشەی کە لەمێژووی دوورو درێژی کوردایەتیدا بۆتە رێبازە راستو دروستەکەی، بۆتە رێگەی راستو رەوای رزگار بوون لەزوڵمو زۆری نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتیش.

بەڵێ دامەزراندنی ی. ن. ك بەدیهێنانی ئەرکی مێژوویی رێکخستنەوەی کوردایەتیو هێزەکانی شۆڕشی رزگاریو دیموکراسی خەڵکی کوردستان بوو لەچوارچێوەی یەکگرتنێکی نیشتمانیو دیموکراتی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆدا کە زەمینە خۆش

بكاتو ساز بدات بۆ پێكەوە ژیانو هاوخەباتیی باڵە پێشكەوتنخوازو شۆڕشگێڕەكانیانو پێكەوە بەڕێوەبردنیان لەخەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانەدا بۆ بەدیهێنانی پێشڕەوی كوردستانی راستەقینەش كە دەتوانێ سەركەوتووانە رابەری خەباتو شۆڕشی خەڵكی كوردستان بكات بەرەو بەدیهێنانی هەموو ئامانجە نیشتمانیو كۆمەڵایەتییەكان.

سەرەڕای ئەمانەش ـ بەهەموو گرنگیو ئەهەمیەتی مەزنی خۆمانەوە، ی. ن. ك شێوەیەكی نوێی رێكخستنەوەی كوردایەتیو شۆرش بوو، شێوەیەكی داهێنەرانەی گونجاو بوو لەگەڵ تەبیعەتی هەردووكیانو پێویستییەكانی سەركەوتنی هەردوكیان. هەر بۆیەش دوای دامەزراندنی ی. ن. كو كەوتنە گەڕی تێكۆشەرەكانیو پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسو پەرەسەندنی چالاكی خەباتگێرەكانی هیواو ئۆمێدێك لەدڵی دڵسۆزانی كوردو كوردستان گەڕاو پەیدا بۆوە. وە سەبارەت بەو راستیانەی سەرەوەو بەراستیو دروستیو رەوایی دروشمو سیاسەتو هەڵویستەكانی ی. ن. كو سەبارەت بەدارِشتنی





ستراتیژێكی راست بۆ كوردایەتیو شۆڕش كە تێیدا زۆر بەچاكیو بەروونیو بەڕاستی، دوژمنو دۆست، هێزەكانی سەرەكیو پیشڕەوو ناحەز، ئامانجی سەرەكیو لاوەكی، ناكۆكییەكانی دوژمنانو ناو ریزەكانی گەل، جۆری ریزكردنو رێكخستنو رابەری كردنی چینەكانو توێژەكانی نیشتمانی كۆمەڵی كوردستان دیاریو دەستنیشان كرابوون، وە سەبارەت بەدۆزینەوەی رێگەی تایبەتی گەشەكردنی كۆمەڵایەتیو دۆزینەوەی ژیرانەی رێبازی گەشەكردنی كوردایەتیو هەلومەرجە تایبەتییەكانی كوردستانو خاسیەتە تایبەتییەكانی شۆرش لەكوردستانداو زانینی رێبازی راستی شۆرشەكە، وە سەبارەت بەژیرانەو وەستایانە، پێكەوە گرێدانی خەباتی كۆمەڵانی خەڵك لەشارو لادێ كە چالاكی پێشمەرگانەو تێكۆشانی ناو شار خزمەتی یەكتریان دەكردو یارمەتی یەكتریان دەداو رای یەكتریان تەواو دەكرد، بەڵێ سەبارەت بەو راستیانەش، خێراو هەر زوو ی. ن. ك توانی شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوەو كوردایەتی جۆش بداتەوە. ئنجا ورەو

فیداکاریو خۆ بەخت کردنی سەرکردەو کادرو ئەندامو پێشمەرگەکانی بەهاوکاریی کۆمەلانی خەلکو بەدرێژەدان بەخەباتی جەماهیریو شۆڕشگێڕانە، توانی شۆڕشەکەمان بەم رۆژەی ئێستەی بگەیەنێتو ئەو هەموو دەستکەوتانەو ئەو هەموو سەروەرییانەی بۆ جەماوەرو گەلو نیشتمان بەدەست بهێنێت: لەو هەموو سەروەرییانەشدا پێش هەموان دەبێ دەورو تەئسیری ئەو شەهیدە نەمرانە لەبیر نەکەین کە بەبەخشینی گیانو ژیانی خۆیان بەشۆڕشو بە ی. ن. ك، کە بەفیداکاریی بێ وێنەی خۆیان توانیان بلێسەی شۆڕشەکەمان بگەێیننەوە سەر لوتکە سەربەرزەکانی شاخو چیاکانی کوردستانی خۆێناوی.

دەبا هەزاران سلاو بنێرینەوە بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدە نەمرەکانمان، هەموو سەرکردەو شەهیدەکانمان، هەموو کادرە شەهیدەکانمان، هەموو فەرماندەو لێپرساوە شەهیدەکانی ه. پ. ك.هەموو ئەندامو لایەنگرانی شەهیدی ی. ن. كو هەموو پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.





دەبا ئەم جارەش بەلێنیان بۆ دوپات بکەینەوە، سویند بخۆینەوە بەگیانی پاكو خوێنی گەشیان کە هەتا سەر، هەتا بەدیهێنانی ئامانجو داخوازییەکانی کوردایەتیو شۆرش، سەرکەوتنی تەواو بەسەر دوژمنە عەفلەقیە فاشیستەکاندا، هەتا رزگارکردنی کوردستان لەچنگالی ئیستعماری ئیستیتانی عەفلەقیو هێنانە کایەی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتیلافی لەعیراقداو سەندنەوەی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان، درێژە بدەین بەخەباتەکەمان، بێ لادانو کۆلدانو وازهێنان، بەجۆرێك کە دروشمی هەمیشە شەکاوەمان کوردستان یان نەمانو نەسرەوتن تا سەرکەوتنو سەرکەوتن یان مردن بێت.

## ئەی كۆمەڵانی خەڵكی زۆر لێكراوی كوردستانی داگیركراو!

ئێوەش كە سەرچاوەی بوونو ژیانو مانی ی.ن.ك ن كە لەباوەشی گەرمی پڕ لەخۆشەویستیو پەرۆشی ئێوەدا ی.ن.ك گەشەی كردووە، شایستەی پیرۆزباییو سوپاسێكی بێ پایانن: پیرۆزبایی لێتان بەبۆنەی دامەزراندنو هاتنە كایەی ئەو هێزێ مەزنەو شۆڕشگێڕەی ڕێبەری كوردایەتیو شۆڕشەكەتان، بەبۆنەی ئەو هەموو سەركەوتنو سەروەریانەی (ی.ن.ك) بۆ ئێوەو نیشتمانەكەتانی بەدی هێناوە. سوپاسی زۆر بێ پایانیش بۆ ئەو هەموو یارمەتیو پشتیوانییەی لەی.ن.ك تان كردووە، بۆ ئەو هەموو دڵسۆزیو پەرۆشییەی بۆ ی.ن.ك تان بووە ، كە بەبێ ئەوانە ی.ن.ك نەك هەر نەیدەتوانی ئەو هەموو سەركەوتنو سەروەریانە تۆمار بكات، نەك هەر نەیدەتوانی سیاسەتی راستو ڕەوای پشت بەخۆبەستنو پشت بەخەڵك بەستنو سەربەخۆ بوون لەدیاری كردنی سیاسەتو هەڵوێستە جیاجیاكانی خۆیدا، بباتە سەرو جێبەجێ بكات، نەك هەر نەیدەتوانی ئا ئەوها گەشە بكاتو پەرە بسێنێتو ببێتە ئەو



ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا

هێزە مەزنو كاریگەرو گەورەیە لەكۆڕی خەباتو شۆڕشدا، بەڵكو نەشیدەتوانی خۆی رابگریو بچەقێ لەرووی ئەو هەموو دوژمنو پیلانانەی كە ئیمپریالیزمو داگیركەرانی كوردستان لەدژیان گێڕاوە، لەرووی ئەو هەموو ناحەزیو بەگژا هاتنەی كە زۆر جار لەخوتو خۆڕاییو بەناحەق دووچاری ی.ن.ك بووە. تەنانەت هەندێ جار لەدۆستو هاوپەیمانە بابەتیەكانیشەوە. هەر بۆیەش جەژنی ی.ن.ك بۆتە جەژنی كۆمەڵانی خەڵكی خەباتگێڕی كوردستان، نەك هەر سەبارەت بەوەی ی.ن.ك لەخۆیانەوەو بۆ خۆیان دروست بووە بەڵكو سەبارەت بەم راستییەش ئیمڕۆ سەركەوتنو شكانی ی.ن.ك دەكاتە سەركەوتن یان شكانی كۆمەڵانی خەلكی كوردستانو خەباتو شۆڕشەكەیان، نیشاندانی ئەم راستی یە بابەتیە بۆ خۆهەڵكێشانو لەخۆگۆڕانو لەخۆبایی بوونی هەڤاڵانی خەباتگێری (ی.ن.ك)و (ه.پ.ك)و هێزی پشتگیریی كوردستان

نیە[*] ، بەڵكو بۆ بەبیر هێنانەوەی ئەو هەموو ئەرك‌و ئۆباڵەیە كە ئەم راستییە لەگەردنی ئەو هەڤاڵە خەباتگێڕانەی ئاڵاندووەو خستوویەتی ئەستۆیانەوە، كە دەبێ‌و پێویست دەكات لەسەریان، زۆرتر بچنە ناو كۆمەڵانی خەڵكەوە، باشتریان رێك بخەن‌و ساز بدەن بۆ خەبات‌و چاكترو چالاكانەترو ژیرانەتر رێبەریی خەبات‌و راپەرینەكانیان بكەن هەر وەك دەبێ‌و پێویست دەكات، زۆر زۆرتر خۆیان بەخزمەتكاری كۆمەڵانی خەڵك‌و هێزی سیاسی‌و پێشمەرگانەی ئەوان بزانن، زۆرترو زیاتر بەئەمەك بن لەئاستی ئەو هەموو هاوكاری‌و یارمەتی‌و لەباوەش گرتنەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی داگیركراوی زۆرلێكراودا كە سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم‌و زۆرو چەوساندنەوەو خوێنمژینەی حكومەتی ئیستعماری عەفلەقی داگیركەر، بەخۆشی‌و شادیشەوە ئەركی زۆرو زەحمەتی جوراجۆر

---

[*] هێزی پشتگیری: كە لەوتارەكەدا بەشێوەی ه پشتگیری ك ئاماژەی بۆ كراوە، ئەو هێزە چەكدارەی خەڵكی گوندەكانە كە بەشێوەیەكی خۆبەخش شانبەشانی هێزی پێشمەرگە بەشداریی لەچالاكییەكاندا دەكردو ئەركی سەرەكیی پاراستنی ناوچە رزگاركرەكان بوو (ئەكادیمیا).





لەئەستۆ دەگرن و قبوول دەكەن‌و دەكێشن بۆ ه.پ.ك‌و تێكۆشەرانی ی.ن.ك.

بۆیە لەسەر هەموو خەباتگێرانی ی.ن.ك و ه.پ.ك‌و هێزی پشتگیری كوردستان پێویستە كە ئەمڕۆ لەهەموو كاتێك زیاتر بمێننەوە لەناو ریزەكانی خەڵك‌و لەڕیزی پێشەوەیاندا خەبات درێژە پێ بدەن لەدژی سیاسەتی ئیستعماری ئیستیتانی عەفلەقی بەگشتی‌و سیاسەتی كاول كردن‌و راگوازتنی دێهات‌و شارو شارۆچكەكانی كوردستان بەتایبەتی.

ئەمرۆ لەهەموو كات‌و ساتێكی تر لەسەر خەباتگێرانی ی.ن.ك بەگشتی‌و كادرو ئەندامانی بەتایبەتی پێویستە كە بەپشووی شۆڕشگێرانەوە، بەچالاكی‌و بەژیری ئەم راستیانەی خوارەوەو ئەم كارانەی خوارەوەش بۆ كۆمەڵانی خەڵك روون بكەنەوەو دیاریان بكەن تا سازو ئامادەیان بكەن بۆ ئەوەی پێكەوە بەدییان بهێنن.

١. راستیی یەكەم ئەمەیە: كە دوژمەنی داگیركەری عەفلەقی هار بووە، بەپیسترینو دڕندانەترین شێوە بەربۆتە گیانی خەڵكی كوردستان، بەتۆپ، بەفرۆكە، بەتانك، بەسەرباز، بەجەیشی ناشەعبی، بەجاش، بەپۆلیسو ئەمنو ئیستخبارات، كەوتۆتە تەفروتووناكردنی كوردەواریو دامركاندنەوەی شۆڕشو لەناوبردنی كوردایەتی.

دڕندایەتی دوژمنی داگیركەری عەفلەقی ئەوەندە پیسو دڵڕەشانەیە گەیشتۆتە رادەی تاوانی بەكار هێنانی چەكی كیمیاوی لەدژی خەڵكی لادێی كوردستانو ه.پ.كو ه پشتگیری كوردستان، ئەمەشیان دوا تیری كەوانەكەیەتی كەوا بەبەرچاوی دنیای كەڕو لاڵەوە، بەبەرچاوی مرۆڤایەتیەوە، بەبەرچاوی دەوڵەتە سۆسیالیستو دەوڵەتەكانی دنیای سێیەمینو دەوڵەتەكانی ئەوروپاو بەفیتی ئیمپریالیستەكانی ئەمریكاو فەرەنساو بریتانیا، بێ شەرمو بێ پەروا، بەئاشكراو بەبارە بار، لەدژی خەڵكی كوردستان بەكاری دەهێنێت بێ





ئەوەی كەسیان تەنانەت پرتەو بۆڵەیەكیش بكەن. واتە هەموویان نەك هەر بێ دەنگ و دەستەوەستان راوەستاون لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی جەنگو ئەو پێشێل كردنەی قانونەكانی نێو نەتەوەكانو بڕیارەكانی جنێف، بەڵكو خۆشیان كەڕو لاڵ كردووە لەئاستی بانگەوازو هاواری خەڵكی كوردستانو ئەو هەموو بروسكەو نامەی ی.ن.كو هێزەكانی تری كوردستان كە بۆیان لێ دەدەینو دەنێرین. واتە هیچ یەكێكیان بەجیاوازیی بیروباوەڕیان، بەجیاوازی رژێمەكانیانو نیازەكانیانەوە نە لەسەر كورد هەڵدەدەنێ، نە لەسەرمان دەكەنەوە، نە بەدەنگمانەوە دێن، نەك ئەركو واجبی خۆشیان وەك ئەندامانی نەتەوە یەكگرتووەكان، هەندێكیان وەك زلهێزو دەوڵەتی گەورەی بەرپرسیار لەپاراستنی قانونەكانی نێو دەوڵەتەكاندا، جێبەجێ دەكەن.

دیارە ئێمە هیچ گلەییەكمان لەدەوڵەتە ئیمپریالیستەكانی ئەمریكاو فەرەنسەو بریتانیا نیە چونكە دوژمەنی خوێنخۆری كوردو كوردستانن، چونكە بەرپرسیارو تاوانباری داگیركردنو

دابەش کردنی کوردو کوردستانن، بەلآم گلەیی زۆرو زەوەندمان لەدەولّەتە سۆسیالیستەکان، لەهێزەکانی رزگاری‌و دیموکراسی دنیایە کە خۆیان کەرو لالّو کش‌و مات کردووە لەئاستی پیسترین تاوانی چەرخی بیستەمدا، تاوانی لەناو بردنی خەلّکی کوردستانی خواروو، ئەویش بەبەرچاویانەوە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی لادێی کوردستان بۆ مراندنی منالّ‌و ساواکان‌و ژەهراوی کردنی کوردستان‌و ئیبادەی تەنانەت ئاژەلّیش لەکوردستاندا.

نازانم ئەو دۆستە بابەتیانەی جولآنەوەی رزگاریی گەلان بەجولآنەوەی رزگاری‌و دیموکراتی کوردستانیشەوە. چۆن وە چ وەلآمێکی ویجدان‌و سەرەتاکانی خۆیان‌و مێژوو دەدەنەوە؟

بەلّێ پێویستە ئەم راستیانە، بەزەق‌و رەقی بخەینە بەرچاوی کۆمەلآنی خەلّکی کوردستان‌و پێیان رابگەیەنین کە ئیمرۆ ـ زۆر بەداخەوە ـ هەر خۆیان بەتەنها، دەبێ چارەی خۆیان بکەن‌و بەسازدان‌و بەکارهێنانی هێزو توانای زۆرو زەوەندی خۆیان خۆشیان رزگار بکەن.





٢. راستی دووەم ئەمەیە: کە کۆمەلآنی خەلّکی کوردستان، هەر بەهێزو توانای خۆیان، هەر بۆ خۆیان، دەتوانن خۆیان رزگار بکەن، ئەگەر بیتو بتوانین باش‌و ژیرانەو شۆرشگێرانە، هێزو توانای زۆرو زەوەندیان ساز بدەین‌و رێکبخەین‌و بخەینە گەرو ژیرانە رێبەریشیان بکەین، گەر بتوانین هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان یەکبخەین‌و بەرەی کوردستانییان لێ پێك بهێنین، گەر بتوانین چەکدارە هەلّخەلّەتاوە کوردەکان بهێنینەوە ریزی کوردایەتی‌و شۆرش، گەر دلێرانەو لەخۆبوردووانە لەکۆری خەبات‌و فیداکاریدا بچەقین‌و راوەستین ئەوا سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین.

ئەم راستییە هەر بۆ هۆشیار کردنەوەو بەخۆهێنانەوەو وروژاندنی کۆمەلآنی خەلّکی کوردستان دووپات ناکەینەوە، ئەم راستییە هەر بۆ جولآندنی ویژدان‌و دەماری کوردایەتی‌و پیاوەتی هەموو کوردێکی دلّسۆز دووپات ناکەینەوە، هەر بۆ گلەیی‌و رازی دلّیش نایدەینەوە بەگوێی دۆستە بابەتییە خۆ

مات كردووە كاتماندا، بەلكۆ بۆیەش وا بەزەق‌و رەقی دەیخەینە روو، چونكە راستییەكی رەوای كاریگەریشە، چونكە گەر بكەوێتە گەڕ كاریگەرو چارەنوس سازیشە، چونكە مێژووی هەموو گەلان، تاقی كردنەوەكانی كوردیش خۆیان، دەمێكە ئەم راستییەیان سەلماندووەو نیشانیان داوە گەر گەلێك با زۆر بچوك‌و دواكەوتوش بێت، بتوانێ هێزەكانی خۆی باش سازو ئامادە بكات، چاك بیان خاتە گەڕو ژیرانە رابەری بكرێن ئەوا دەتوانێت بەسەر گەورەترین دوژمنی پەلاماردەری زۆرداردا زاڵ بێت. ئەوە نیە گەلانی جەزایرو ڤێتنام زاڵ بوون بەسەر ئیمپریالیزمی فەرەنساو ئەمریكادا؟ ئەوە نیە ئەلبانیای بچوك زاڵ بوو بەسەر ئیتالیای فاشیستی زەبەلاحدا؟ ئەوە نیە كوباو نیكاراگوا لەپەنا قەلای تونددو تۆڵی سەرمایەداری‌و ئیمپریالیزمی جیهانیدا سەركەوتوون؟! بگرە ئەوە نیە شۆڕشی خۆمان‌و ی.ن.ك خۆمان دوانزە ساڵە بەگژ دڕندانەترین دەوڵەتی ئیستیعماری ئیستیتانی عەفلەقیدا دەچێت‌و لەسەركەوتن‌و پەرەسەندنێكی تر دەچێت؟! ئەوە نیە دوژمنە عەفلەقیە





هارەكەمان بەبەرچاوی هەموومانەوە مانگی چەند جارێك بەدەستی ه.پ.ك‌و ه. پشتگیری كوردستان تووشی چەندین شكستی ئابروبەرانەو سەرشۆڕكەرانە دەكەین؟! ئەوە نیە لەلوتكە چیاكانی شارباژێڕو دەشتی شارەزوورەوە بگرە تا سەر لوتكە چیاكانی گڵەزەردەو بارانان‌و دەشتی گەرمیان‌و هەردەكانی ئۆمەربل‌و شاری دێرینی رەواندوزو تەق تەق، دوژمنی عەفلەقی تووشی چ جۆرە شكست‌و زەرەرو زیانێك دەكرێ؟

٣. بەڵێ راستیی سێیەمینیش ئەمەیە ئێمەی كورد كە دەتوانین دوژمنە عەفلەقیەكەمان ببەزێنین‌و دەتوانین بیشكێنین‌و دەری پەڕێنین لەزۆربەی زۆری كوردستاندا، واتە دوژمنە عەفلەقیەكەمان لەشكاندن هاتووە. هەر چەندە خۆی لەكورد كردووە بەشێرێكی دڕندەی پیاوخۆر، بەلام لەدیدی دوا رۆژدا، شێرە بەفرینەیە. چونكە ناوەڕۆكەكەی پوچەڵە، چونكە زۆردارو خوێنمژو داگیركەرو پەلاماردەرە. كە ئەمانەش خۆیان لەخۆیاندا مایەی

گەندەڵ كردنو كلۆر كردنی رژێمەكەی عەفلەقینو دەبنە هۆی كزبوونو لاوازبوونی: دەبنە مایەی چەندین جۆر گیرو گرفتو گێچەڵو دەردەسەری بۆی. ئەوەتا رژێمی عەفلەقی دوو شەڕی گڵاوی هەڵگیرساندوەو وا خەریكە بەئاگرەكەیانەوە دەسووتێت: شەڕی تەفروتونا كردنی كوردو كوردستانو شەڕی پەلاماردەرانەش بۆ سەر جەمهوری ئیسلامی. هەموومان دەزانین كە شۆڤینیەتو تەبیعەتە بۆرژوازیە ئیستعمارییەكەی حوكمی عەفلەقی بۆتە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی تەفروتونا كردنی كوردو كوردستان. هەمووشمان دەزانین كە بەفیتی ئیستعماری ئەمریكاو كۆنەپەرستیی عەرەبو دەزگا سەهیۆنیەكانو بەدرۆو دەلەسەی ئەفسەرە هەڵاتووەكانی شای گۆڕ بەگۆڕ، سەددامی خوێنڕێژ شەڕێكی پەلاماردەرانەی زۆردارانەی بەسەر ئێراندا سەپاند.





بەڵام حسابەكەی سەددامو ئاغا ئیمپریالیستەكانی سەددام غەڵەت دەرچوو. ئێران نەك هەر تەسلیم نەبوو بەڵكو دەستی كردەوەو خۆی سازدایەوەو توانی هێزو توانایەكی زۆر كۆ بكاتەوەو لەشكری پەلاماردەری سەددام لەخاكی ئێران دەرپەڕێنێتو دەیان هەزار ئەسیریشی لێ بگرێتو رۆژانەش هەڕەشەی پەلامارданو داگیركردنی بەسرەو عەمارەو خانەقینو شوێنەكانی تریشی لێ بكات! ئەم شەڕە شوومەی سەددام كە ناوی قادسیەی تاوانو خوێنڕێژیوماڵوێرانی بەخۆیەوە گرتووە، بۆتە هۆی لاوازیو كزیی رژێمەكەی لەڕووی عەسكەریو ئابووریو سیاسیو كۆمەڵایەتییەوە. بۆتە هۆی پەچەداماڵین لەڕووی رەشیو دارودەستەكەی سەددامی خوێنڕێژو فاشیست وە دەركەوتنیان وەك نۆكەرانی ئیمپریالیزمو هاوپەیمانی حكومەتەكانی كامپ دێڤیدو سعودیەو ئوردونو هەموو كۆنەپەرستەكانی تر. هەرچەندە زۆر زۆر بەداخەوە هێشتا هەندێ هەر كەوڵە سوورەكەی خۆیان بەسەر رووی رەشی ئەو تاقمە خوێنڕێژە تاوانبارە دادەنو جار جاریش بوختانی

پێشکەوتنخوازیو سەربەخۆبوونی پێ دەکەن، بەڵام ئیتر قارەمانی قادسیە شوومەکە چیتر ناتوانێ لافو گەزافی سۆشیالیزمو پێشکەوتنخوازیو دوژمنایەتی ئەمریکاو ئیسرائیلو بەرەی شۆڕشگێڕایەتی عروبە لێ بدات! ئەوە نیە بە بەرچاوی هەموومانەوە سەری شۆڕکردو ملی شەرمەزاری دانواند بۆ ئیسرائیل کە هاتە سەر بەغداو کورە ئەتۆمیەکەی لێ تێکدا تەنانەت بێ ئەوەی دەستیش بکاتەوە چ جای تۆڵە بکاتەوە؟ ئەوە نیە سەری نۆکەرایەتی شۆڕکردوەو دای نەواندوە بۆ ئەمریکاو ئەفسەرەکانی ئەمریکا دەهێنێت تەحقیق لەئەفسەری فڕۆکەوانی عیراقی بکەن کە بەئەمری خۆی، بەئەمری سەددامی جەللاد چوونەتە سەر خەلیجی فارس؟! بەڵێ ئەوە نیە ڕۆژانە لەسعودیەو ئوردونو میسری کامپ دیڤید دەپاڕێتەوەو مەراییو ماستاوی خەستیان بۆ دەکات؟! ئەوە نیە وازی لەڕزگاری فەلەستینو شەڕی ئیسرائیلو جەبهەی ڕۆژهەڵاتو هەموو جۆرە هاژو هوژەکانی عەفلەقی هێناوەو مل شۆڕو سەرشۆڕو کلۆڵو داماوە بەدەست گێروگرفتەکانی





شەڕە گلاوەکانی خۆیەوە؟! ئەمانەش هەموو نیشانەی فشۆڵیو کزۆڵی رژێمەکەی سەددامن: نیشانەی گەندەڵ بوونو پووچەڵ بوونی حوکمە دیکتاتۆریە خوێناوییەکەی سەددامن. نیشانەی چەمینەوەی رژێمەکەیەتی لەژێر بارە قورسەکانی تەنگوچەڵەمە ئابوریو عەسکەریو سیاسیەکانی خۆیدا. ئەو تەنگوچەڵەمانەی مەگەر بەشەڕ وەستاندن لەگەڵ ئێران خۆی لێیان رزگار بکات ئەگینا ئەوا پشتی دەشکێننو لەژێریاندا پانوفلیچ دەبێتەوە. هەر بۆیەشە هاواری ئاشتیو ئاشتبوونەوەی لێ هەڵساوەو داوای راگرتنی شەڕ دەکات لەگەڵ ئێران.

بەڵێ لەم کاتو ساتەدا، رژێمی عەفلەقی بەو هەموو تەنگوچەڵەمەو گێروگرفتەوە، ڕووبەڕووی شۆڕشی کوردستان دەبێتەوە، بۆیە شکاندنی مومکینو لەتوانادایەو زۆریش زەحمەتو زۆریش دوور نییە.

٤. راستیی چوارەم زانینی ئەمەیە کە چۆنی دەشکێنینو چۆن رزگارمان دەبێت لەدەستیو چۆن هێزو تواناکانی کۆمەڵانی خەڵکی خۆمان لێ بەکار دێنین. وەڵامی راستو دروستی ئەم پرسیارانە، راستییەکی زۆر گرنگ پێکدێنێ کە بەکارهێنانو کار پێکردنی دەبێتە مایەی رزگاریو سەرکەوتنمان. ئەم راستییەش بریتییە لە:

١. پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بۆ سازدانو رێبەری کردنی خەباتو شۆڕشی کوردستانو هاوخەباتی کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراقی بۆ رووخاندنی رژێمو هێنانە سەر کایەی حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکرات کە دیموکراسیی راستەقینە بۆ عیراقو مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دابین بکاتو عیراقو کوردستان لەکارەساتی هەردوو شەڕەکان رزگار بکات.





٢. یەکخستنی هەموو هێزی پێشمەرگە یان هیچ نەبێ یەکخستنی خەباتو چالاکیەکانی هەموو پێشمەرگەکانی هەموو هێزەکانی سیاسی کوردستانی عیراقی هاندانو جۆشدانیان بۆ دەستوەشاندنی کاریگەر لەدوژمنو بۆ پاراستنی دێهاتەکانی کوردستان لەدوژمنو بۆ هاوکاریو یارمەتیدانی راپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانو بەدەنگەوە چوونیان لەکاتی مانگرتنو خۆپیشاندانو راپەڕیندا.

٣. هاندانو وروژاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکان بۆ راپەڕینو توندتر پێکەوە گرێدانی خەباتی شاخو شارو، شارۆچکەو لادێ.

٤. هاندانو هۆشیارکردنەوەی چەکدارەکانی سەر بەمیری بۆ هێنانەوەیان بۆ ریزی گەلو کوردایەتی.

بەڵێ هەڤاڵانی خۆشەویست بە بەدیهێنانی ئەم راستییەی سەرەوە، بە بەکارهێنانو جێبەجێکردنی ئەم راستییەی سەرەوە دەتوانین زۆربەی کوردستان لەحوکمی

داگیرکەری عەفلەقی رزگار بکەین‌و یارمەتیەکی باشی رووخاندنی رژێمەکەش بدەین لەبەغداو عیراقدا.

کەواتە ئەرکی هەرە گەورەمان، ئەرکی هەرە پیرۆزمان ئیمرۆ ئەمەیە کە ئەو راستییەی سەرەوە بەکارو کردەوە بەدی بهێنین‌و جێبەجێ دەکەین‌و چۆنی بەدی دەهێنین؟!

١. پێویستە دەست بەجێ لەگەڵ هەموو ئەو حزبانەی رازیبوونە بە بەرەی نیشتمانی کوردستانی، کۆمیتەیەکی خۆئامادەکردن بۆ بەرەکە دابمەزرێنین بۆ سەرپەرشتی کردنی راپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانیش. جێگەی شادیشمانە کە تا ئێستا برای بەڕێزمان کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی‌و مەکتەبە سیاسیەکانی ح.س.ك ع.و پاسۆك‌و پ.د.گ.ك/ یش پێکهێنانی بەرەکەیان پەسەند کردووە*.

* ح.س.ك واتە حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو رەسوڵ مامەند، پ.د.گ.ك واتە پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو سامی عەبدولرەحمان، پاسۆك واتە پارتی سۆسیالیستی کورد. (ئەکادیمیا).





برای بەڕێزمان کاك مەسعود بارزانی تەنانەت دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بە "ضرورة ملحة" واتە پێویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو داناوەو برایانی سەرکردەی حزبەکانی تریش زۆر گەرم‌و پشتیوانیان لەپێشنیارەکەمان کردووە بۆ دانانی بەرەی نیشتمانی کوردستان. ئەوەی راست بێت ئێستا هەلومەرجە لەبارەکەی کوردستان بۆ راپەڕاندنی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیش پەلەکردنیان گەرەکە لەدانانی بەرەی نیشتمانی کوردستانی بۆ راپەڕاندنیان‌و رێبەری کردنی راپەڕینەکەیان. بۆیە هەقە دەستبەجێ کۆمیتەکەی بۆ دابنێین.

٢. پێویستە دەستبەجێ لەهەموو شارو شارۆچکەیەکدا کۆمیتەیەکی خۆسازدان‌و خەڵکسازدان بۆ راپەڕین دروست بکەین لەنوێنەرانی ی.ن.ك‌و پارتی‌و حشع‌و حسك‌و پاسۆك‌و پارتی گەلی کوردستان‌و لەنوێنەرانی مامۆستایانی ئایینی‌و کاسبکاران‌و کرێکاران‌و قوتابیان‌و

بیر رووناكانو پیاو ماقوڵانی دڵسۆز، تاكو بتوانین هەم خەڵكەكە ساز بدەین بۆ راپەڕینەكەو هەمیش پەیوەندی بەچەكدارە كوردەكانی سەر بەمیریەوە بكەین، هەمیش باشو راستو چاك رابەری راپەڕینەكەی خەڵك بكەین.

## راپەڕاندنی خەڵك

لەسەر مەسەلەی راپەڕاندنی خەڵك لەشارو شارۆچكەكانی كوردستاندا بەپێویستی دەزانم هەندێ تێبینی پێویست دەربڕم:

١. زۆر بەداخەوە ئیمڕۆ لەهەموو عیراقدا زەمینەی راپەڕینی شارەكان ساز نیە. بەڵكو هەر لەكوردستاندا زەمینەی راپەڕاندنی خەڵكی شارو شارۆچكەكان سازو هەلومەرجەكانی بابەتیو زاتیشی لەبارە.

٢. زۆر بەداخەوە هێشتا سوپای عیراق ئەو گیانی هەڵگەڕانەوەو دەست كردنەوەو راپەڕینەی تێ نەگەڕانەوە كە لەناو فەوجە سووكەكاندا گەڕاوە. خۆزیا زەمینەی راپەڕین لەشارەكانی عیراقدا سازو لەبار دەبوو.





خۆزیا زەمینەی راپەڕینی سوپای عیراق سازو ئامادە دەبوو، ئەوسا ئەژدیها عەفلەقییەكە لەملەوە سەری دەبڕایەوەو هەموو عیراق لەو ئەژدیهایە كە سەددامی خوێنڕێژە، رزگاری دەبوو. بەڵام كورد گوتەنی داری خۆزیایان چاند، شین نەبوو!

٣. هەرچەندە زەمینەو هەلومەرجی راپەڕاندنی خەڵكی كوردستان لەبارەو ه.پ.ك و ه. پشتگیری ك/ یشمان هەیە لەدەوروبەری شارەكانو شارۆچكەكاندا كە زوو دەگاتە فریای خەڵكەكەیان، بەڵام دیسان پێویستە زۆر وەستایانە، زۆر ژیرانە، بۆ راپەڕینەكە بچینو ئەم راستییەمان لەبیر بێت كە نابێ گەمە بە ئاگری راپەڕاندنی خەڵك بكەینو دەبێ هەمیشە ئەوەشمان لەبیر بێت كە راپەڕاندنی خەڵك هونەرێكی وردی شۆڕشگێڕانەشە نە سستیو كەمتەرخەمی خاوو خلیچی دەوێتو نە پەلە پەلو هەڵپە هەڵپو موغامەرەش بەكەڵكی دێت.

هەندێکیان دەبنە مایەی دواخستنو خەساندنی گیانی شۆڕشگێڕانەو مردارکردنەوەی راپەڕینەکەو هەندەکەی تریشیان دەبنە هۆی لەباربردنو تیاچواندنی راپەڕینەکە.

جا بۆ سەرخستنی راپەڕاندنەکەی کۆمەڵانی خەڵك دەبێو پێویستە کە:

١. خۆسازدان، سازدانی رێکخستنەکان، جەماوەر سازدان بۆ راپەڕین دابین بکەین.

٢. کۆمیتەی سەرپەرشتی کردنی راپەڕاندنەکە پێك بهێنین لەو هەموو حزبو هێزو شەخسیەتانەی لەسەرەوە باسمان کردووە.

٣. چەك لەناو شارو شارۆچکەکاندا دابەش بکەین یان پەیدا بکەین، یان لەکاتی راپەڕینەکەدا دابین بکەین.

٤. هـ.پ.ك لەنزیكو لەپەنا شارەکاندا سازو ئامادە بکەین.





٥. راکێشانی زۆربەی چەکدارەکان یان بەشێکی گرنگیان بەلای خەڵكو راپەڕینەکەدا مسۆگەر بکەین یان هەر هیچ نەبێ بێ لایەنی ئەوان دابین بکەین.

٦. بچووکترینو سادەترین رووداني دڵتەزێن، خەڵك بزوێن، یان پەلامارو دەستدرێژیی میری بۆ سەر خەڵك بقۆزینەوە بۆ راپەڕینەکە، بۆ وروژاندنو راپەڕاندنی خەڵکەکە.

٧. بە بەربلاوی، بۆ هەموو کەسێك، بەتایبەتی چەکدارەکانی میری ئەم راستییە زۆر زۆرتر روون کەینەوە کە نیازە گڵاوەکەی حوکمی ئیستعماری عەفلەقی کاول کردنی هەموو دێهاتی کوردستانو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی کوردستانیشە، وە راگواستنی هەموو خەڵکەکەشیەتی بۆ خوارووی عیراق. وە نابێ کەس فریو بخوات بەو درۆو دەلەسەو بەڵێنانەی دوژمن لەدوای

راپەڕینی خەڵكی قارەمانی شارەزوور* دەیدا كە گوایا چیتر دێهات كاول ناكاتو چیتر خەڵك راناگوێزێ.

نەخێر بەپێچەوانەوە: دوژمن هەر سوورە لەسەر سیاسەتی كاول كردنی كوردستانو راگوازتنی خەڵكی كوردستان: بەڵام زۆڵانەو فێڵبازانەو هەنگاو بەهەنگاو، پارو بەپاروو كوردەواری دەخواتو كوردستانەكەمان وەك عەزیا هەڵدەللوشێ.

ئەو درۆو دەلەسەو بەڵێنە فێڵبازانەش هەر بۆیە دەدا تا پەكی هاوكاری نێوان ناوچەكانی كوردستان بخاتو ماوە نەدات لەهەموو لایەكەوە، هەموو خەڵكی شارو شارۆچكەكان بەجارێك لێی راپەڕنو چەكدارەكانیش كە زۆربەیان جوتیاری راگوێزراوو سەربازی فیرارن لێیان هەڵگەڕێنەوەو بچنەوە باوەشی گەلی خۆیان.

* لەئایاری ١٩٨٧دا راپەڕینو خۆپیشاندان ناوچەیەكی فراوانی دەشتی شارەزوری گرتەوە، بەتایبەتی عەربەت، سەید سادق، خورماڵ، سیروانو هەڵەبجەو كاربەدەستانی رژێمی پێشوو بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكە، بەڵێنیاندا، كە واز لەسیاسەتی راگواستنو كاول كردنی گوندەكان دێنن بەڵام ئەم بەڵێنە وەك بەڵێنەكانی پێشویان جێبەجێ نەكرا (ئەكادیمیا).





پێویستە پەیوەندی بەهەموو خەڵكو هەموو چەكدارە هەڵخەڵەتاوەكانی میریەوە بكەین بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوەو دوژمن سڕیان نەكاتو چیتر بەدرۆو دەلەسەو فێڵەكانی دوژمنی زۆڵو فێڵباز فریو نەخۆن. ئەوا دوژمن لەگەرمیانی كوردستان، لەشوانو لەدەوروبەری سلێمانی هەر خەریكی تێكدانو كاول كردنی كوردستانە.

٨. لەسەروبەری راپەڕینەكەدا لەكاتی راپەڕینەكەدا بانگەواز بۆ سەربازو ئەفسەری عەرەبی عیراقی لە"جەیشی عیراقدا" بڵاو بكەینەوەو داوایان لێ بكەین كە شەڕی برا كوردەكانی خۆیان نەكەن، كە چیتر نەبنە كوتەكی دەستی حوكمی دیكتاتۆری خوێنڕێژی عەفلەقی، كە چیتر خۆیان نەكەنە سووتەمەنی قادسیە شوومە تاوانبارەكەی هۆلاكۆی بەغدا، بەڵكو بێنە ڕیزی خەڵكەوەو شان بەشانی ه.پ.ك و خەڵكی كوردستان راپەڕنو هاوكاری بكەن بۆ بەعیراقی كردنی راپەرینو شۆرشەكەو رووخاندنی حوكمی دیكتاتۆری شەڕخوازی

بنەماڵەی سەددام حسێن عوجەوی کەبۆتە هۆی بەکوشتن دان‌و بریندار کردنی سەدان هەزار عەرەب‌و کوردو تورکمانی عیراقی کە مایەی فیتنەو شەڕی براکوژی‌و کاول کردنی عیراق‌و تێکدانی یەکێتی نیشتمانی عراق‌و هەڵتەکاندنەوەی برایەتی کوردو عەرەبە.

٩. دەبێ دروشمی راست‌و رەواو گونجاو بۆ راپەرینەکە هەڵبکەین کە لەو داخوازیانەوە دەست پێ دەکات کە قابیلی بەدیهێنانن، وەك پەکخستنی راگوازتن‌و کاول کردنی کوردستان‌و هەڵوەشاندنەوەی جاشایەتی‌و ئینجا وردە وردە بەرەو رزگاری کوردستان‌و عیراق لەحوکمی دیکتاتۆری‌و هەردوو شەڕە تاوانبارەکەی سەددامی جەللادیان بەرین.

١٠. پێویستە لەسەر رێکخستنەکانی ی. ن .ك: بەکۆمەڵەو شۆڕشگێران‌و یەکێتی یشەوە خۆیان (بەکادرو ئەندام‌و پاڵێوراو ولایەنگرانیشەوە) سازو ئامادە بکەن بۆ دەسپێشکەری، بۆ خۆبەخت کردن، بۆ فیداکاری





لەوروژاندن‌و راپەراندن‌و رێبەری کۆمەڵانی خەڵکدا. لەم رۆژانەدا دەبێ هەموو خەباتگێرانی ی . ن .ك بیری ئەو گوتە نایابەی دانتۆن بکەنەوە کە لەشۆرشی فەرەنسەدا گوتویەتی:

جەسارەت، هێشتا جەسارەت، هەمیشە هەر جەسارەت‌و ئازایەتی لەراپەراندنی خەڵك‌و هەڵکوتانە سەر دوژمندا.

دەبێ ئیمرۆ بەکارو کردەوە دەوری پێشڕەوی بنوێنن: دەبێ ئازاو نەبەزو بەجەرگ بن لەدەسپێشکەری دا.

**ئەی هەموو ئەندام‌و پاڵێوراو ولایەنگرانی ی.ن.ك.**

**ئەی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی ه . پ . ك .**

**ئەی هەموو پێشمەرگە ئازاو دلێرەکانی ه. پشگیری. کوردستان.**

لەکاتێکدا هەموو کوردێکی دڵسۆز بەشادی‌و تەقدیرەوە دەنوارێتە سەروەری یەکانتان، لەهەمان کاتیشدا چاوی هیواو ئومێدیان بڕیوەتە ئێوەو هەموو برا پێشمەرگەو تێکۆشەرەکانی ترتان هی هەموو حزبە سیاسیەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی

لەچنگاڵی خوێناویی دوژمنی عەفلەقی رزگاریان بکەن، بۆ ئەوەی شۆرشەکەیان بۆ سەرخەنو بەئەنجامی سەرکەوتنی خۆی بگەیێنن. دە ئێوەش لەئاستی ئەو هیوایەی کۆمەڵانی خەڵکەکەتاندا بن. ئەوا دوژمنی عەفلەقی دوا تیری کەوانی خۆی بەکار دەهێنێت، ئەوا دەستی داوەتە کاول کردنی کوردستان بەیەکجاری، ئەوا دوا بریاری تەفروتونا کردنی گەلی کوردو. ی.ن.كو ه.پ.كو هێزی پشتگیری. كو هەموو جولانەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی داوە.

دە ئێوەش لەگەڵ هەموو خەڵکی کوردستاندا، لەگەڵ هەموو پێشمەرگەو خەباتگێرانی حزبەکانی تری کوردستاندا، جەنگە پیرۆزەکەمان بکەنە جەنگی پاراستنی کوردو کوردستانو جەنگی فەوتاندنی چەتە عەفلەقیە فاشیستەکان، جەنگی تەفروتونا کردنی دارو دەستە نیشتمانفرۆشو خوێنرێژەکەی سەددامی عوجەویو ئامۆزاو خاڵۆزاو نۆکەرەکانی.





ئیمڕۆ ئەو رۆژەیە کەدەبێ هەموومان، بەهەموو هێزو توانایەکەوە، بەوپەڕی لەخۆبووردنو ئازایەتیو ئیقدامو جەسارەتەوە، لەناو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکدا، لەریزی پێشەوەیاندا بجەنگینو خەڵکەکەش بهێنینە جۆشو خرۆشو راپەرینو دەستپێشکەری دلێرانەی پێویستیش بکەین لەمانگرتنو خۆپیشاندانو وروژاندنو راپەراندنی کۆمەڵانی خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا.

ئیمڕۆ رۆژی ئەوەیە کە ه.پ.كو ه.پشتگیری.ك نەك هەر پارێزگاری ناوچەکانی خۆیان بکەن، بەڵکو بەجۆرێکی بەردەوامو نەپساوەش دەستی کوشندە لەدوژمن بوەشێنن: شارو شارۆچکەکانی لەبن دەست دەربهێنن: چەتە فاشیستەکانی عەفلەقی هەراسان کەن، بکوژن تەفروتوناکەن. ئیمڕۆ رۆژی بەدی هێنانی ئەم دروشمەیە کەدەڵێ:

**فاشیست بکوژە تا گەل بژی**

**عەفلەقی بکوژە تا کورد بژی**

ده ئێوەش بەردەوام بن له هەڵكوتانه سەر دوژمن لەهەموو شوێنێكی كوردستاندا ماوەی پشوودانو حەسانەوەی مەدەن كوردستانی لێ بكەنه گۆڕستانی عەفلەقیەكان.

ئەی خەڵكی شارو شارۆچكەكانی كوردستان ئەی كرێكارانو رەنجدەرانی بیرو بازوو ئەی مامۆستایانی بەڕێزی ئاینی.

**ئەی دوكاندارو كاسبكاران.**

**ئەی خوێندكارو خوێندەواری شارەكان.**

وا دوژمنی فاشیست لێمان هار بووه! بەربۆته گیانی كوردەواری بۆ لەناوبردنو تەفرو توناكردنی! شەڕی لەناوبردنی كوردو كوردستان جۆش دەدات: بەچەكی كیمیاوی، به تۆپ، بەتانك، بەفڕۆكه، بەجاشو جەیش له پێشمەرگەو خەڵكی ناوچەی رزگاری كوردستان دەدات، ئێوەش خۆتان سازدەن بۆ ڕاپەرین، خۆتان سازدەن بۆ هەڵگەڕانەوەو تەقینەوە بەرووی دوژمنی داگیركەردا: ئێوەش شان به شانی ه.پ.ك و ه.پشتگیری ك و هەموو شۆڕشگێڕانی كوردستان خۆتان سازو





ئامادە بكەن تاكو هەموو له هەموو پێكەوە ڕاپەڕینو بتەقینەوە بەرووی دوژمندا چونكه ڕاپەڕینی شارو شۆڕشی لادێ هەردووكیان پێكەوە ئەم دوو رەورەوەیه پێك دەهێنن كه مێژووی كوردی پێ دەجولێتو پێ دەكەوێته گەڕو بۆ پێشەوە دەڕوات بەرەو ڕزگاریو سەركەوتن بەسەر دوژمندا.

خوشكوبرایانی شارو شارۆچكەكانی كوردستان هەروەك ئێوه بەڕاستو ڕەوای دەزانن چاوی ئومێدتان له ه.پ.ك و ه. پشتگیری. ك بێت ئا ئەوهاش ئێمەو ئەوانیش چاوی ئومێدیان بڕیوەته ئێوه تا ئێوەش دەستێكیان لەگەڵ بدەنیو ئەركی سەرشانی خۆتان بەجێ بهێنن.

**ئەی مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی**

وا بەبەرچاوی خۆتانەوە دوژمن هەزاران مزگەوتی كوردستانی كاول كرد ،وا بەبەرچاوی خۆتانەوە دوژمن هەزاران دێهاتی سوتاندو روخاند، وا دوژمن خەریكه هەرچی دێهاتو مزگەوت ماوه له كوردستاندا تێكی بداتو كاولی بكات! وا گەلی موسڵمانی كوردستان لەژێر زەبری لەناو بردنو فەوتان

دایە دە ئێوەش واجبی دینیو ئینسانیو نیشتمانی خۆتان چاكتر بەجێ بهێنن، فتوای ڕاستو ڕەوای غەزا لە دژی عەفلەقیە فاشیستەكان دەركەن. لە خەڵك بەگشتیو لە چەكدارە هەڵخەڵەتاوەكان بەتایبەتی بگەیێنن كە حوكمی ڕاستەقینەی ئیسلامو قورئان تەحریم كردنی خزمەتكاریە، جاشایەتی یە بۆ عەفلەقیە زاڵمە مزگەوت ڕوخێنەكان، بگرە واجبی دینیو نیشتمانیی هەموو موسڵمانێك هەڵگەڕانەوەو بەگژاچونەوەی عەفلەقیە فاشیستەكانە!

دە ئێوەش بەڕێبازی پیرۆزی شێخ عبیداللە نەهری، حاجی قادری كۆیی، شێخ عەبدولقادرو شێخ سەعیدو شێخ مەحمودی نەمرو قازی محەمەدو هەموو مەلا بەڕێزو كوردپەروەرو شۆڕشگێڕەكانی كوردستان، لە ڕیزی پێشەوەی خەڵكەكەی شارو شارۆچكەكاندا راپەرنو ڕێبەری خۆپیشاندانەكانیان بن چونكە خۆتان دەزانن هەر كەسێك خۆ لابدات لەو غەزایەی كەدەركیماڵی پێ گرتوون ئەوا خۆی لەئەركێكی پیرۆزی ئایینیو نیشتمانی لادەداتو دوور دەخاتەوە.





**ئەی هەموو هێزە سیاسیەكانی كوردستان.**

ئیمڕۆ ڕۆژی پەلەكردنە لە پێكهێنانی بەرەی نیشتمانی كوردستان. ڕۆژی ئەوە نیە دروشمی بەرەی نیشتمانیی عیراقی كەهەمووتان دەزانن ئیمڕۆ مومكین نیە بكرێتە بیانووی دواخستنیو پەكخستنی بەرەی نیشتمانی كوردستان چونكە هەم لە سەرێكەوە واهەموو خەڵكی كوردستان خەریكە رادەپەڕێت، وا هەلومەرجە لەبارەكانی راپەڕینی شارو شارۆچكەكانی كوردستان خەریكە پێ دەگەن و ساز دەبنو هەم جارێ لەعیراقدا زۆریش بەداخەوە ئەو جۆرە هەلومەرجەی ئەو جۆرە راپەرینە ساز نیە. چونكە لەكاتێكدا هەموو حیزبەكانی كوردستانی عیراق پێشنیاری ی.ن.ك/ یان پەسەند كردووە بۆ دانانی بەرەی نیشتیمانی كوردستان هێشتا هیزەكانی سەرەكی عیراق واتا ئیسلامیەكانو نەتەوە پەرستەكانو كۆمۆنیستەكانو كوردەكان لەسەر یەكەمینو دووەمین دروشمی خەباتی ئیمڕۆ پێك نەهاتوون، هێشتا زۆری ماوە بگەنە قۆناغی دانانی بەرەی نیشتیمانی عیراقی فراوان.

بۆیە کردنی دروشمی ئەو بەرەیە بەبیانووی نەکردنی بەرەی نیشتیمانی کوردستان زیانێکی گەورە لەشۆڕشو راپەرینی خەڵکی کوردستان دەداتو کۆسپێکی گەورەش دەکاتە رێگەی پڕ کۆسپی بەرەی نیشتمانی عیراقەوە ئۆباڵەکەش دیارە لە ئەستۆی ئەوانە دەبێت کە بیانوو بۆ پێك نەهێنانی بەرەکە دەهێننەوە.

دەبا هەموومان بەرەی نیشتیمانی کوردستان پێك بهێنینو بیکەینە بناغەو نمونەی بەرەی عیراقی فراوان.

**ئەی هەموو دڵسۆزانی رزگاریو دیموکراسیی کوردستانو عیراق**

دیسان لەبیرەوەری دامەزراندنی ی.ن.ك دا سلاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانەتان لێ دەکەمو بەڵێنتان بەناوی ی.ن.ك ەوە بۆ نوێ دەکەینەوە، کەهەتا سەر هەمان شۆڕشگێڕانی ڕێگای رزگاریو دیموکراسی کوردستانو عیراق بینو بێ ووچانو کۆڵدانو لادان درێژە بدەین بە خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەو سیاسیو نیشتمانیو چینایەتیو هەمەجۆر، لە پێناوی



ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا

ڕزگاربوون لە حوکمی فاشیستی تاقمە خوێنرێژەکەی سەددام حسێنو بەدیهێنانی عیراقێکی دیموکراتو کوردستانێکی خاوەن مافی چارەنووس، بۆ هەڵتەکاندنەوەی دامو دەزگای حوکمی بورژوازی بیروکراتی عەفلەقیو تەفروتونا کردنی سیاسەتی ئیستیعماری ئیستیتانی عەفلەقی لە کوردستاندا وە لە پێناوی گۆڕینی یەکێتیە درۆزنە ئیلحاقیەکەی عیراق بەیەکگرتنێکی ئازادو بەئارەزووی برایانەی هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەسەر بناغەی مافی رەوای چارەنووسو وەکیەکیی راستەقینە.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو جۆشدانی خەباتی جەماهیریو شۆڕشەکەمانو بەرەو خۆسازدانو خەڵك سازدان بۆ راپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە شارو شاۆچکەکاندا.بەرەو جۆشدانی خەباتی خۆڕاگرتنو پاراستنی ناوچە رزگار کراوەکانی.

بەرەو توندو پتەوو پێکەوە گرێ دانو پێکەوە جۆشدانی خەباتی شاخو شارو هـ.پ.كو هـ. پشتگیری.كو جەماوەری شارو شارۆچکەکان.

بۆ پێشەوە، بەرەو پتر فیداكاریو خۆ بەخت كردن بۆ سەرخستنی شۆڕشی رزگاریو

دیموكراسی كوردستان بەسەر دوژمنە هارەكەی عەفلەقی دا.

# لەبڵاوكراوەكانى
# ئەكاديمياى هۆشيارىو پێگەياندنى كاديران
#ساڵى (٢٠١٠ - ٢٠١١)



ئەركەكانى خەبات لەهەلومەرجێكى دژواردا

| ژ | ناوی بڵاوكراوه | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حەمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئايين و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فيمينيزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ئاین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەوبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>ساڵح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في | د. شورش حسن | ٢٠١١ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | العراق (ذ. ز. ١٣) | عمر | |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کارزان کاوسێن | |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردی | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ | ٢٠١١ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد ڕەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | ترجمة:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن. نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ذ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ز. هۆشیاری، ژ. (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی، ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٣١) | ن. حەمید حسێن کازم ئەلشەمەری<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (طبعة ثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار)<br>ترجمة و مراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |